# دەنگدان بەیەکگرتوو دەنگدانە بە کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی عەرەب... جەمال فەتاح

دیارە گەلەکەمان لەباشوری کوردستاندا بەدرێژایی مێژوی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەپێناوی ئازادی وبەدەست خستنەوەی مافە لێزەوتکراوەکانی خەباتی کردووە کەلەلایەنی عەرەبی کوۆنەپەرست و شۆڤێنیستی سونەی ئێراقەوە بەدرژای 80 ساڵ لێی زەوت کرابوو وە گەلەکەمان بەئێستاشەوە لەهەمان سەنگری بەرگری شۆڕشگێڕانەدایە لەدەژی کۆنەپەرستی و شۆڤێنیستی عەرەبی کە بەئێستاشەوە چاویان بڕیوەتە ئاسایشی نەتەوەیی گەلەکەمان و خاکو ماڵو سامانی گەلەکەمان وەهێشتا ددانە ڕزیوەکانیان لەگەلەهەژارەکەمان چیڕ ئەکەنەوە وهەڵپەی ئەوەیانە کە کوردو کوردستان بە ژێردەستی وملکەچی بۆکۆنە پەرستی و شۆڤێنیستی عەرەب بەگشتی و عەرەبی سونە بەتایبەتی بمێنێتەوە بۆیە گەلەکەمان لەم ڕۆژانەدا بەهەستیارترین سەردەمدا تێپەڕ ئەکات ئەوەیش هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراقوکوردستانە،

کەهێشتا مافەبنەڕەتیەکانی گەلەکەمان لەباشوری کوردستاندا بەتەواوی نەچاسپاوەو هێشتا بەشە بەعەرەب کراوەکان و داگیرکراوەکانی کوردستان نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان بەکەرکوکیشەوە وبوودجەی ئێراق هێشتا دابەش نەکراوە بەتەواوی کە ئەویش بەپێی ڕێژەی دەنگدەر و ئەندام پەرلەمانو نفوسی کوردستانە کەئەمانەش بەشێکی گرنگن لەمافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردستانی باشور کەمن دڵنیام مافەکانی گەلی کوردستان باشور لەئایندەدا ئەبێتە بەردی بناغەی مافەکانی کورد لەگشت پارچەکانی کوردستاندا بۆیە دەنگدان بەلیستی 730ی هاوپەیمانی کوردستان ئەبێتە ئەرکی سەر شانی هەر کوردێکی دڵسۆز ونیشتمان پەروەری ڕاستەقینە وەدەنگ دانیش بە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ئەبێتە دەنگدان بۆکۆنە پەرستی وشۆڤێنیستی عەرەبی وەبەعسیە فاشیستەکان ودوژمنانی گەلەکەمان بەگشتی.

چوونکە ئالەم کاتە ناسکەدا کە گەلەکەمان لەهەموو سەردەمێک زیاتر پێوستی بە یەکڕیزی و یەک بوونی ڕێزەکانی هەیە یەکگرتووی ئیسلامی بەدەست وبەفیتی شۆڤێنیست و کۆنەپەرستی عەرەبی سونە کەلێن ئەخاتە ناو ڕیزی تۆکمەو پتەوی گەلی کوردستانی باشورو بۆپشتگیری عرەبی سونە بەگشتی و حزبی ئیسلامی ئێراقی کە لەدوای ڕووخانی سەدام و ڕژێمی بەعس پەیدا بوون وئەیانەوێت هەمان ڕۆڵی ڕژێمی بەعس بگێڕن بەڵام ئەمجارە لەبن ناوی ئیسلامدا، دیارە مسەلەسی سونە لەئێراقدا بەدرێژای هەموو حوکمەکانی ئێراقی بەمەلیکی و کۆماریەوە کەهەموویان تەپەسەرو ماڵوێران کەری گەلی کورد بوون وزەوت کەری مافە نەتەوایەتیەکانمان بوون بەتایبەتی ڕژێمی فاشست و دیکتاتۆری سەدام و بەعس هەموویان بەپشتو پەنای سونەی جیهانی عەرەب بەگشتی ومسەلەسی سونەی ئێراق بەتایبەتی توانیویانە ئەو گشت تاوانە بەرانبەر بە نەتەوەکەمان بکەن هەتا کاریان گەیاندە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی وئەنفال وزیندە بەچاڵ کردنی ژن و منداڵ وپیرو پککەوتەی گەلەکەمان و سوتان و وێرانکردنی سەرتاسەری نیشتمانەکەمان، هەڵەبجەی شەهید و گۆڕە بەکۆمەڵەکان دیاری عەرەبی سونەی ئێراقن بۆکوردو کوردستان کەلەلایەن نوێنەرەکانیانەوە کەسەدام و بەعس بوون پێشکەشی گەلەکەمانیانکرد.

ئێشتاش ئەوە زیاتر لە سێ ساڵە هەر عەرەبی سونەیە کە ڕۆژانە سەرەڕای کردەوەی خۆکوژی لەسەرتاسەری ئێراقدا بەردەوامن لەکوشتنو بێسەرو شوێن کردنی ڕۆڵەکانی کورد ئەگەر کوردێک ڕوولە ژێر دەسەڵاتی مسەلەسی سونەی ئێراق بکات و تەنها عەربێکی سونی پێی بزانێت کەکوردە گیانی سالم بەدەر نابات تەنها لەبەر ئەوەی کە کوردە، دیارە عەرەبی سونە زۆرینەیان لەبن باڵی حزبی ئیسلامی ئێراقدا کۆبوونەتەوە چونکە تاکوئێستاش تێکەڵ وپشتگیری ترۆریستەکانی زەرقاوی تاوانبار ئەکەن ودەستیان لەگەل بنلادەینی تاوانبارو پاشماوەی بەعسیە فاشستەکان وئەخوانین مسلمینی عەرەبدا هەیەو بەهەموویان پێکەوە بارنامەی کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی عەرەبی جێبەجێ ئەکەن لەدژی گشت نەتەوەکانی ناعەرەب لەناوچەکەداو لەسەروی هەموشیانەوە کورد، کەچی تازە یەککگرتووی ئیسلامی بەفەرمانی مسەلەسی سونەو حزبی ئیسلامی وکۆنە بەعسیەکان ڕیزەکانی نەتەوەی کورد بەجێدێڵت و ئەبێتە پوازی ڕیزەکانی کوردو ئەچێتە ڕیزی دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە.

دیارە ئەم کردەوەی یەککگرتووی ئیسلامی کردەوەیەکی چاوەڕوانکراو بوو چو نکە ئەم گیاکەڵانەی کورد لەزنجیرە وتارێکی پێشترم دا ئاماژەم بەوردی بەدروست بوونیان داوە بەڵام پێویستە لێرەشدا ئاماژەیەکی سەرپێی یانەیان بۆبکەم لەسەرەتاوە باڵێکی ئەخوانین مسلیمین بوون کە بۆ بەرگری لە مەترسیەکانی ڕژێمی شێعەی ئێران بۆسەر جیهانی عەرەبی سونە دروستکران وهەر لەلایەن ئەوانیشەوە دەعمو پشتگیری ئەکران، چونکە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو کاتێک ئەخوانین مسلیمین لەبەر مەترسیەکانی شێعە ئێران و ڕژێمی خومەینی بۆسەرعەرەبی سونە پەیدا بوو وەهەڕەشەی داگیر کردنی نەجەف و کەربەلاو قودس و بەیتلمقەدەس یان ئەکرد لەو کاتەشدا ئەخوانین مسلیمین دەستی کێشا ناوچەی کەنداوی عەرەبی وپاشان بۆئەو گەلانەی دەورو بەری ئێران و وەکو کوردستان وتورکیاو ئەفگانستان وپاکستان وکشمیرو چیچان وویلایەتەکانی قەوقاز بەگشتی بەتایبەتی ئەوانەی ئیسلامی سونی بوون ئەمانەش هەموو لەبەر ئێران بوو لەسەرەتادا بەڵام کاتێک ئێران هەم جیهانی عەرەبی وهەم نێودەوڵەتی دژی ئەو پاوانخوازییەی ئێران وەستان و سەدام وبەعسیش بوون بە پێشگیری عەرەبی سونە و جەنگیان لەگەل ئێران دەست پێکرد بۆیە ئێران پاشگەز بوویەوە لە دروشمەمەزهەبییەکانی خۆی وپاشان ئەخوانین مسلیمین هەندێک لەو باڵانەی بە توند ڕەو پێك هێناو بەشێکیتریان نەرم ڕەو وەک ئەیبینین لە کوردستان و لەتورکیا نەرم ڕەون بۆچی چوونکە گەر لەتورکیا ئیسلامی توون ڕەو دروست بکەن لەلایەک لەگەل ئەو لەشکرەبەهێزەی تورکیا ڕووبە ڕوو ئەبێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی ئەندامی ناتۆیە یەکەم لەشکری بەهێزە لەناوچەکەدا کەبەهەموو عەرەب لەشکرێکی وەکو تورکیا بەهێزیان نییە، لەلایەکیتر گەلی تورک گەلێکی چاوکراوەترە لەچاو عەرەب وەئەیانەوێت بچنە ناو ئەوروپاوە بۆیە ئیسلامی توون ڕەو بەوان قبوڵ نەئەکرا.

لەباشوری کوردستانیش لەسەرەتای هەشتاکان کە ئەم باڵەی ئەخوانین مسلیمین دروست بوون سەدام و بەعس لەسەر حوکم بوون وە جگە لەخۆیان ولەشکری خۆیان هیچ کەستریان قبوڵ نەبوو ئەگەر ئیسلامی توون ڕەو بوونایە هرلەسەرەتاوە لەگەل ڕژێمی بەعس وسەدام ڕووبەڕوو ئەبوونەوەو لەناو ئەچوون وەهەموو عەرەبیش لەسەدام و بەعس ئەترسان وخۆیا لێلائەدا.

بەڵام هەر پاش نەمانی مەترسیەکانی ویلایەتی فەقیەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر عەرەبی سونەی جیهانی عەرەبی ئەوجا ئەخوانین مسلیمن چاویان وردەوەکرد بزانن کێبیتردوژمنی کۆنەپەرستی وشۆڤێنیستی سونەی عەرەبە تاکو بۆدوژمنایەتی ئەوان ئەو هێزە ڕیکخراوەی ئەخوانین مسلیمین بەکار بێنن چی لە ڕووی سەر بازی و چی لە ڕووی ڕامیاری، سەرەتا لەڕیگای تالیبان وئەفگانستانەوەو پاشتریش جچیچانیەکان کەوتنە پەلاماری نەجبوڵاگاندی وحزبی شیوعی ئەفگانستان ولەشکری یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە بۆپشتگیری ڕژێمی کۆمۆنیستی ئەفگانستان هاتبوونە ناو وڵاتی ئەفگانستان، پاشان ئەوە بوو لەئەنجامی ململانی جەنگی ساردی زیاتر لە 70 ساڵی یەکێتی سۆڤیەتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بوو یەکێتی سۆڤیەتی بەچۆکدا هاتو بەسوکە پەلامارێکی گەلانی چەوساوەی یەکێتی سۆڤیەتی رژێمی 70 ساڵەی کۆمۆنیستی یەکیتی سۆڤیەتی ڕووخاو ڕژێمی ئەفگانیش بەدوایدا هرەسی هێنا، هەندێک لە ولایەتەکانی یەکێتی زۆڤیەتی جاران سەر بەخۆیی خۆیان وەرگرت، پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەو جا سەرە هاتە سەر ئەمریکا کە ئەخوانین مسلیمین دژایەتی بکەن، ئەوە بوو بەکارەساتی 11ی سپتەمبەری واشنتۆن دەستی پیکرد کە هەر ئەخوانن مسلیمین دەستپێشخەر بوون ئەوە بوو ناوەندی بازرگانی جیهانیان لەئەمرکا کە دوو کۆشکە بەناو بانگەکە بوو تەقاندەوەو لەمەشەوە جەنگیان لەگەڵ ئەمریکا بەر پاکرد، ئەو جەنگەش بەڕووخانی ڕژێمی تیرۆریست پەروەری ئەفگانستان وڕژێمی فاشستو دیکتا تۆری سەدام وبەعس بوو کە نوێنەرایەتی عەرەبی سونەی ئەکرد لەڕووی سەر بازیەوە بەتایبەتی.

ئێستاش ئەخوانین مسلیمین سەرەڕای بەر گری کردن لەسەنگەرەکانی سەدام وبەعس وەدرێژەپێدانی سیاسەتی داگیر کاری لەئێراقدا بەگشتی ولەکوردستاندا بەتایبەتی مسەلەسی عەرەبی سونی ئێراقیان کردووە بە سەنگەری دژایەتی ئەمریکاو هاوپەمانانی و گشت دۆستەکانیان لەناوچەکەدا بەگشتی ولەئێراقدا بەتایبەتی وئەیانەوێت جارێکە یان دەسەڵاتی سەدام وبەعس یان دەسەڵاتێکی هاوشێوەی ئەوان لەئێراقدا بێننە سەر کارو درێژە بەسیاسەتی تەعریب وداگیرکردن بدەن بەتایبەتی لەکوردستانی باشوردا، لێرەشەوە ئەوڕاستیەمان بۆ دەر ئەکەوێت کە یەکگرتوو ئیسلامی یاری بەچی ئاگرێک ئەکات وپشتی کوردی بۆکێ و بۆچی مەبەستێک بەرداوە؟؟!!، بەڵام پویستە گەلەکەمان بەگشتی ولە سەرو هەموانیشەوە ڕۆشنبیران زۆر وریابن لە پلانی دوژمنانی سەر سەختی گەلەکەمان وپشتگیری کردن وبەدێموکراتی ژماردنی ئەم پلانەی دوژمنان و یەکگرتوو پێکەوە تاوانە بەرانبەر بە مافەنەتەوەیەکانی گەلەکەمان ولەدەسدانی باوەڕی ڕۆشنبیری ڕۆشنبیرانی کوردیش ئەگەیەنێت لەلای دۆستوو دوژمن، لەئایندەشدا ئەو تاوانانەی یەکگرتووی ئیسلامی ودوژمنانی گەلەکەمان زیاتر ڕوون ئەبێتەوە بۆ ڕۆشنبیران.

لەکاتی مەسەلە چارە نووس سازەکانی کورد دا نابێت سیاسەتی تەسکی حزبایەتی وامان لێبکات لەمەسەلە چارە نووس سازەکانی گەلەکەمان دورمان بخاتەوە جونکە هەلەکان کاتیان هەیەو کاتێک لەدستمان دەرچوون ناگەڕێنەوە بۆیە جاریکیتر دووپاتی ئەکەمەوە دەنگدان بەلیستی هاو پەیمانی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەرکردێکی دڵسۆزی باشوری کوردستانە بەگشت بیرو ئایدیایەکەوە دهنگدانیش بە لیستی یەکگرتوو لەلایەن هەر کوردێکەوە تاونێکی بەرچاوە لەنەتەوەکەمان بەگشتی ولەباشوری کوردستان بەتایبەتی.

یەکگرتووی ئیسلامی جگە لەوەی دلۆپە خوێنێکی نەڕشتووە لەپێناو گەلەکەماندا تاکە دینارێکشی لەپناوی ئازادی کورد دا زیان بەر نەکەوتووە بۆیە تاونە ئێستاش ئەیەویت

کورد وکوردستان تەسلیم بە عەرەبی شۆڤێنیستی وکۆنەپەرستی ئێراق بکاتەوەو کوردیش هەبێت دەنگی خۆی بەو لایەنە بدات کۆنەپەرستی عەرەبی ماری بێ ئیجازەن لەدواییدا پاشگەز بوونەوە هیچ دادێک نادات..

جمال فتاح

2005/11/21

لەندەن